# چەپکە گوڵ

تاڵەبانی جارێکی تر بارزانی خڵەتاندەوە لە سیاسەتدا. ئەو چەپکە گوڵەی پێشکەش کوردستانیان کرد ، یەک چەپکە گوڵ نەبوو، لە راستیدا دوو چەپکەگوڵ بوو. بە لیستی هاوبەش بۆ پەرلەمانی کوردستان تاڵەبانی یەکێتی رزگارکرد لە بەرەی موعارەزە لە پەرلەمانی هەرێم،دەستەڵاتیان بەشکرد. ئاکامی هیچ هەڵبژاردنێ لە پێشەوە ئازانرێ و یەکێتی هوشیار بوو لەوەی جەماوەر ئارازیە لە سیاسەتی.
چەپکە گوڵی دووهەم لیستی هاوبەش بۆ پەرلەمانی عیراق، چەپکە گوڵێکی جوان بوو، کورد فێر دەبێ بە یەک دەنگ لەسەر مەسەلەی چارەنوسی هاوبەش پێکەوەبێن و حوکمی مێژووە و فێری ئەوە دەبێ کە جیاوازی کێشەی ناوخۆ و دەرەوە بکەن و بە جیا مامەڵەی بکەن.
وە ئەبێ بارزانی لەسەدا سەد بە دڵی بێ و هوشیار ئەبێ لەم جۆرە چارەیە بۆ کێشەکە، چونکە دەڵی ئەمە عورف نیە، مانای لە ئاینده بە جۆرێکی تر دەبێ و دیموکراتیانە. بەڵام بەرژەوەندی میللەتی کوردیان خستوەتە پێشەوە، هەموو کەس دەبێت خۆشحاڵ بێت و ئافەرینیان بکات. تا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بچەسپێ لە ئەقلیەتی میللەتی کوردا.
تاڵەبانی یەکەم کەسە لە مێژووی نوێ سیاسەتی کوردستانیدا کە لە سیاسەت تێگەیشتبێ، سیاسیەکە لە ئاستی سیاسەتمەدارانی جیهانیدا،بەڵام زروفەکەی لەبار ئەبوو بۆی. دیعایەی ئەوە هەیە ک دەڵێن دەچێ بۆ بەغداد بە مەبەستی سەرۆکی عێراق، زۆر بە قازانجی میللەتی کورد دەبێ ، لەوێ هەر هەموویان وەک میزراح دەخلوێنێتەوە و وەک هەڵمات هەڵماتێنیان پێ دەکات، ئەل یاوەر دەیگوت من زۆر شت فێردەبم لێوەی. کاتێ خۆی مستەفا بارزانی بە کوڕی خۆی دانابوو، مەسعود بارزانی زۆر ئیعجابی هەیە بۆی سەرەڕای موناقەسەی نێوانیان. هەمیشە تەقدیر و رێزی هەبووە بۆی. تاڵەبانی تا دە ساڵێکی تر خەریکی سیاسەت دەبێت و خۆی تەقاعد دەکات . وەک هەموو سیاسیەکی گەورە هەوڵدەدات کۆتای پیشەکەی سەرکەوتوانە بێ.

ئەوەی دەیەوێ سیاسەت بکات دەبێ دیراسەی شەخسیەتی ئەو سیاسەتمەدارە گەورانە بکات. تاڵەبانی قەت مارکسی ئەبووە و شتێکی بۆ مارکسیزم ئە نوسیوە تا لە سەری بکەوێ، هەمووی بە گەنجەکان کردوە. بەڵام کەسێکی پێشکەوتووخواز و مۆدێرن بووە. فرانسوا میتەراند لە فەرەنسا خۆی کرد بە چەپی رادیکاڵی و هەموو چەپی فەرەنسای لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کە بوو بە سەرۆکی فەرەنسا گوتی من هەر سەرۆکی چەپ نیم سەرۆکی هەموو فەرەنسیەکانم، هەر ساڵی یەکەم خەریکی شتی سۆسیالیستیانە بوو بۆ ڕازیکردنی ئەوانەی کە دەنگیان بۆ دابوو، 14 ساڵ سەرۆکی فەرەنسا بوو، کە لاچوو لە سەرۆکی، لە ماڵەوە چاو پێکەوتنێکیان لەگەڵ کرد ، پێیان گوت رۆژنامەکان پێت دەڵێن تۆ قەت سۆسیالیت ئەبووی خۆت فێرکردبوو بە سۆسیالیسانە قسەبکەیت، لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر سۆسیالیستیانە قسەم کردبێ خراپ قسەم ئەکردوە. جاک شیراک کە لە بەرەی موعارەزەدا بوو، راستڕەوێکی توندڕەو و رەق بوو. کە بوو بە سەرۆکی فەرەنسا رێڕەوی گۆڕی، ئێستا رۆژنامەکان پێی دەڵێن بووە بە چەپی رادیکاڵ و خۆی کردوە بە چیگیڤارا وناسر ئەهرۆی جیهانی سێهەم. ڤلادیمیر پوتین شوعیەک بوو بۆ " کەی جی بی " کاری دەکرد ئێستا دەڵێ ئەبێ مەسیحەت رزگار بکەین لە لەناوچون.

لەو چەپکە گوڵەی پێشکەش کوردستانیان کرد ، لە راسیدا چارەی کێشەی ناوخۆی کوردستان ئەکراوە، هەروەکو خۆی هێشتویانەتەوە. بەڵام دەستەڵاتیان بەنیوەیی لە ناو خۆیاندا بەشکردوە، هەر موو لایەنەکانی رازیکردوە، کێشەکان هەروەک خۆی ماونەتەوە، لە زروفێکی ئاوا ئاسکدا پێویست بە چارەسەری هاو بەش هەیە، کردیان ، ئومێدەوارین کە دەرس لە رابردوو وەربگیرێ و ئەم لیستی هاوبەشە ئەقلیەت و روحیەتێکی تازە دروست بکات بۆ زیاتر لە یەک تێگەشتن و هاوکاری کردن و راگرتنی ئستیقراری سیاسی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی میللەت . بۆ دروستکردنی دەستەڵاتێکی مەرکەزی سیاسی کوردستانی.

رزگار حەسەن